**پەرلەمانی كوردستان – عێراق**
**ژمـــارە : ٤٤٣ لــــــە ٢٠١١/٤/٧**

## بــەیـــــان

سەبارەت بە لە خۆگرتنی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ كە هــەمواركردنی پێنجــەمی یاســای ژمــارە (١)ی ســاڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی لەسەر ماددەیەكی زیادكراو لەسەر یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوی گرتۆتەوە بەبێ ئەوەی زنجیرەكەی لە ناو یاساكەدا دەستنیشان بكرێ ، بۆیە پێویستی بە ئاماژە بۆكردن هەبوو كــە ماددەی ناو براو شوێنی ماددەی (٤٤)ی هەڵوەشاوە لە ناو یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هــەمواركراودا دەگرێتــەوەو لــە خوارەوە دەقەكەی وەك لە یاسای هەمواركراوی پێنجەمی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ داهاتووە دەخەینە روو :

ماددەی چل و چوار (زیادكراوەكە) :

**یەكەم :**

ئەگەر ئەندامی پەرلەمان لەبەر هەر هۆیەك كورسییەكەی لە دەستدا ئەوا پاڵێوراوی دوای ئەو لە لیــستەكەی خــۆی بــە گوێرەی ئەو تەرتیبەی تێیدا هاتووە ، جێی دەگرێتەوە ، ئەمەش بەچاو ئەو لیستانەوە كە هاوبەندییان نەكردووە .

**دووەم :**

ئەگەر ئەندامی پەرلەمان لەبەر هەر هۆیەك كورسییەكەی لە دەستدا ئەوا پاڵێوراوی دوای ئەو لە هەمان قەوارەی سیاسی كە هاوبەندی لە ناو لیستی هەڵبژاردنی هاوبەندا كردووە جێگەی دەگرێتەوە .

**سێیەم :**

ئەگەر كورسیە بەتاڵكە هی لیستێك بوو كە پاڵێوراوی نە مابێ ، ئەوا كورسیەكە بۆ پاڵێوراوێكی دیكە لە قەوارەیەكی سیاسی دیكە تەرخان دەكرێ كە كەمترین ڕادەی ژمارەی ئەو دەنگانەی بە دەست هێناوە كە بۆ پڕكردنەوەی كورسییەك پێویستەو ، بە پێچەوانەش كورسییەكە بە بەتاڵی دەمینێتەوە .

**چوارەم :**

ئەگەر كورسیە بە تاڵەكە تایبەت بە ئافرەت بوو ، مەرج نیە ئافرەتێكی دیكە جێی بگرێتەوە ، مەگەر لەو بارەدا كــە كاریگەری لە سەر ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتاندا هەبێ .

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی كوردستان**